# چالاکیەکانی توندڕەوی ڕاست ـــ چەمکێک پێشنیار و ئامۆژگاری بۆ پەناخوازان و پەنابەران.

## پێشەکی

لە بەریتانیادا بیرۆکەی توندڕەوی ڕاست زۆر بوە، هەروەها چالاکی ئەو گروپانەی کە بڕوایان بەم چەشنە بیر و بۆچوونانە هەیە لە زیاد بوون دایە. باوەڕی توندڕەوی ڕاست، باوەڕێکی ڕەگەزپەرستانەیە و هەروەها ئیسلامۆفۆبی واتە ترس و خۆف لە ئیسلام پەرە پێ ئەدا. ئەو کەسانەش کە لە سەر ئەم باوەڕەن، دژ بە هاتنی پەنابەرەکانن بۆ بەریتانیا. ڕەشپێستەکان، خەڵکانی وڵاتە ئاسیاییەکان، خەڵکە کەمینەکان، موسڵمانەکان، پەنابەرەکان و ئەوانەی داوای مافی پەنابەری لە بەریتانیا دەکەن دەبنە ئامانجی هێرشەکانی ئەوان. چالاکی ڕاستڕەوە توندڕەوەکان لە شەقامەکانی بەریتانیا بینراوە، بۆ وێنە خۆپیشاندانەکان و هەڵکوتانە سەر شوێنی نیشتەجێبوونی پەناخوازان و پەنابەران، بەتایبەت کەمپ و ئۆردوگاکان. ئەم هێرشانە لە لایەن کۆمەڵە کەسانێکەوەیە کە پەلاماری کەمپەکان و ئۆردووگاکان ئەدەن، هەروەها تاکتیکی جیاواز و هەمەجۆرە بەکار دێنن بۆ بانگەشە کردن و بڵاوکردنەوەی درۆ و دەنگۆ لە دەرەوەی کەمپەکان، چاندنی تۆمی ڕق و کینە و دانی زانیاری هەڵە سەبارەت بە پەناخوازان و پەنابەران لە بەریتانیا بە شێوەی ئۆنلاین و هەروەها لە نێو کۆمەڵە جیاوازەکانی خەڵک دا. ئەم هێرشانە زۆر ترسناکن و دەتوانن زۆر مەترسیدار بن. پێویستە لەبیرمان نەچێت کە، هەرچەندە ئەم هێرشانە جێگەی مەترسیەکی زۆرە، بەڵام ئەم جۆرە کەسانە نوێنەری کەمینەیەکی خەڵکین لە بەریتانیا. ئەوانە کەسانێکی زۆر قەڵس و تووڕەن، بەڵام زۆربەی خەڵکی بەریتانیا دەیانەوێت هەست بە سەلامەتی و هێمنی لەو وڵاتە بکەیت. هەرکەسێک مافی ئەوەی هەیە لە کۆمەڵگاکەی خۆیدا هەست بە سەلامەتی و هێمنایەتی بکات. هەروەها مافی ئەوەی هەیە کە چالاکییەکان و ئیشی ڕۆژانەی خۆی بەڕێوە بەرێت. هیچ کەسێک بۆی نیە بەهۆی ڕەگەز و نەتەوە و ئایینتەوە خراپ هەڵس و کەوت و مامەڵەت لەگەڵ بکات، بەڵام ئەگەر هەستت بە نائارامی و ئاژاوە کرد، ڕەنگە بتەوێت وریا بیت و بە ئاگاداریەوە ئیشەکانت بەریتە پێشەوە.

## ئەو زانیاریانەی پێویستە بۆ پاراستنی خۆتان و بنەماڵەکەتان.

## چالاکی توندرەوی راست – پێویستە بەدوای چی‌دا بگەڕێین؟

شێوازی جۆراو جۆر بۆ بەڕێوە چونی چالاکی توندڕەوی ڕاست هەیە. هەندێک جار دەکرێت بە هەماهەنگیەوە بەڕێوە بچێت و توندوتیژی لە گەڵدا بێت؛ وەک شۆڕشەکانی مانگی ئابی ٢٠٢٤ کە بە بەکارهێنانی توندوتیژی و ئاژاوەگێڕان لە شوێنە گشتیەکان، سەرنجی خەڵک و جەماوەر بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن. لە دیکەی کاتەکان‌دا دەتوانن ئیشەکان بە نهێنی بەڕێوە بەرن و هەڵس و کەوتی خۆیان بە باشی بشارنەوە. ئاشکرایە ئەم تاکتیکانەی خوارەوە بۆ بڵاوکردنەوەی درۆ و چاندنی تۆمی ڕق و کینە و دانی زانیاری هەڵە و هەروەها دروستکردنی هەڕەشە و ترس و خۆف و دڵەڕاوکێ بەکاردەهێنرێ.

- خۆپیشاندان لە شوێنە بەرچاوەکانی شارەکان یان شارۆچکەکان بە ئاڵای بەریتانیاوە و هاواری کردن و دانی دروشمی ڕەگەزپەرستی و هەڕەشەئامێز.

- خۆپیشاندان لەبەردەم شوێنی نیشتەجێبوونی ئاوارەکان، نووسینی بانەر و ئاژاوەگێڕی و دروستکردنی دەنگەدەنگ و هاوار کردن، هەندێکجاریش هەوڵدان بۆ زیان‌گەیاندن بە شوێنەکە.

- سەردان‌کردنی ئەو کەمپ و شوێنانەی کە پەناخوازان و پەنابەران تێیدا دەژین بۆ دروست‌کردنی فیلم و ڤیدیۆ.

- هەوڵدان بۆ چوونە ژوورەوەی شوێنی نیشتەجێبوونی ئاوارەکان و وێنەگرتن یان قسەکردن و وتووێژ لەگەڵ دانیشتووان بە بێ ئەوەی ئیزنیان لێ وەربگرن.

- دروشم و هاواری ڕەگەزپەرستانە.

- ترساندن و هەڕەشەی توندوتیژ کردن لە ئەو ڕێکخراوانەی کە یارمەتی پەناخوازان و پەنابەران دەدەن.

گشت ئەم تاکتیکانە بۆ ئەوە دادەندرێن کە ترس و تۆقاندن و دڵەڕاوکێ بخرێتە ناو دڵی خەڵک و کۆمەڵگاوە و لە ئەکاونتەکانی سۆشیال میدیادا بڵاوبکرێنەوە.

هەندێک جار، ڕەنگە خۆپیشاندەرانی توندڕەوی ڕاست، خۆیان وەک دۆست و دڵسۆز و وەک یارمەتیدەر بۆ دەستگەیشتن بە خۆتان، بنەماڵەکەتان یان شوێنی نیشتەجێبوونتان، پیشان بدەن بەڵام هەر ئەوانە لە کاتەکانی تردا، دەتوانن شەڕانگێز بن و هەڕەشە و مەترسی بن لە سەرتان.

ئاگاداری ئەو کەسانە بن کە خۆیان وەک ڕۆژنامەنووس و هەواڵنێر ئەناسێنن. مافی خۆتانە لەگەڵ هەموکەسێک قسە و وتووێژ بکەن؛ هەندێک کەس خۆیان وەک ڕۆژنامەنووس و هەواڵنێر ئەناسێنن، بەڵام ئامانجی ڕاستەقینەی ئەوان ئەوەیە کە ڤیدیۆ دروست بکەن بۆ ئەوەی دواتر لە سۆشیال میدیا بڵاوی بکەنەوە. ئەگەر ئەتانەوێت لەگەڵ ڕۆژنامەنووسێک باسی ئەزموونەکانی خۆت بکەیت، ڕەنگە ڕێکخراوە خێرخوازییەکانی پەناخوازان یان پەنابەران بتوانن یارمەتیتان بدەن بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە بە ئەمنیەت و سەلامەتی.

وریا بن لە بابەت ئەو پۆستانەی سۆشیال میدیا کە شوێنەکەتان ئاشکرا دەکەن؛ بە تایبەت لە کاتی چالاکیەکانی توندڕەوە ڕاستەکاندا. ئەو کەسانەی لایەنگری بیرۆکەی توندڕەوی ڕاستن، چاودێری کەناڵەکانی سۆشیال میدیا دەکەن بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر شوێنی نیشتەجێبوونی ئاوارەکان و ئەو جم و جۆڵانەی لە هەندێک ناوچەدا خەریکە ڕوودەدات.

**پۆلیسەکان**

هەندێک جار قسەکردن لەگەڵ پۆلیس دەتوانێت خۆفناک و ترسێنەر بێت. لە بەریتانیا، پاراستنی تاک و دڵنیابوون لە سەلامەتی تاکەکان، ئەرکی پۆلیسە. ئەگەر ئاخاوتنی ئینگلیزی نازانن بەڵام پێویستتان بە وتووێژ و قسەکردنە لەگەڵ پۆلیسە، دەتوانن داوایان لێ بکەن وەرگێڕێکتان بۆ پەیدا بکەن، لە هەمو کاتێک دا ئەو کارە بکەن ئەگەر پێویستتان بە وەرگێڕ بوو. دۆزینەوەی وەرگێر لە ئەستۆی ئێوە نیە. لە بەریتانیا ڕەگەز و نەتەوە و ئایینەکەتان هەموویان تایبەتمەندییەکی پارێزراون بەپێی یاسای بەریتانیا. تاک مافی ئەوەی هەیە لەلایەن پۆلیسەوە بە ڕێزەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و پێویستە پۆلیس سەلامەتی و ئەمنیەتی تاکەکان دابین بکات.

**ئەم خاڵانەتان لە بیر نەچێت:**

- بۆ حاڵەتی فریاگوزاری و لە کاتەکانی نائاساییدا- کە تاوانێک خەریکە ڕوودەدات یان کاتێک کەسێک هەر لەو کاتەدا مەترسی لەسەرە: پەیوەندی بکەن بە ژمارە ٩٩٩ لە مۆبایلەکەتانەوە. کاتێک پەیوەندییەکە وەڵام درایەوە ڕاییگەیەنن کە پێویستتان بە پۆلیسە.

- ئەگەر حاڵەتی لەناکاو نەبوو - هەر لەو کاتەدا کەس مەترسی لەسەر نییە، بەڵام ویستتان تاوانێک ڕابگەیەنن یان زانیاری بدەن بە پۆلیس: پەیوەندی بە ژمارە ١٠١ەوە بکەن بە تەلەفۆنەکەتان.

## ئەگەر لەو شوێنەی کە ئێمە دەژین، ئەگەر و مەترسی چالاکی توندڕەوی ڕاست هەبو، دەبێ چی بکەین؟

### ئاگاداری بە دەست بێنن

1. پرسیار لە کەسانی متمانەپێکراو لە کۆمەڵگاکەتان بکەن دەربارەی هەر مەترسییەکی کە لە ئەم دواییانەدا بوە. ئەمەش دەتوانێت ئەوە بگرێتەوە کە ئایا هێرشێکی ناوچەیی هەبووە یان هەڕەشەی ناڕەزایەتی. ئەمەش یارمەتیتان دەدات بڕیاری باش بدەن سەبارەت بەوەی کە کوێ ئەمنیەتی زیاترە و سەلامەتی دابین کراوە یان پێویستە لە کام شوێن دوور بکەونەوە لە هەندێک کاتی هەستیاردا.

2. قسە لەگەڵ ئەو کەسانە بکەن کە دەیانناسن، هەروەها پرسیار بکەن لە کارمەندان و فەرمانبەرانی شوێنی نیشتەجێبوونی پەنابەرەکان یان ئەو کەسانەی شوێن دابین دەکەن بۆ نیشتەجێ کردنی پەناخوازان، یان بپرسن لە ڕێکخراوە خێرخوازیەکان یاخود ئەو گروپە ناوچە-یيانەی کە بەشداریتان تێیدا هەیە بۆ ئەوەی دڵنیا بن کە نوێترین زانیاریتان لە بەر دەست دایە.

3- وریا بن و هەر شتێک لە نزیک ماڵەکەتاندا نائاسایی دەهاتە بەرچاو یان پێتان سەیر بوو، پشکنین و بەدواداچوونی بۆ بکەن. ئەگەر هەر شتێکی گوماناویتان بینی یان بیستتان، متمانە بە هەستی شەشەمی خۆتان بکەن و دەستبەجێ نیگەرانییەکانتان بە پۆلیس یان فە-رمانبەرانی شوێنی نیشتەجێبوونت ڕابگەیەنن.

## ئەوخاڵانەی کە پێویستە ئەنجام بدرێت

پێش ئەوەی کە بچنە دەرەوە:

1- دڵنیابن لە پڕ بوونی پاتری واتە کەڵەکەکەری مۆبایلەکەتان و هەروەها لەوەی کە ژمارە گرنگەکانتان لە مۆبایلەکەتاندا سەیڤ کردووە.

2- با کەسانی تر بزانن بۆ کوێ دەچن و کەی چاوەڕێی گەڕانەوتان بکەن (ئەم کەسانە ئەکرێ هاوڕێ یان ئەندامێکی بنەماڵەکەتان بن). ئەوان دەتوانن پەیوەندیتان پێوە بکەن یان ئەگەر نەیانتوانی پەیوەندیتان پێوە بکەن، کەسێک ئاگادار بکەنەوە.

3. ئەگەر لە چوونە ژوور یان چوونەدەر لە شوێنی نیشتەجێبوونەکەتان پێویستتان بە واژۆ کردنی بەڵگەیەک هەیە – ناچارن دەبێ بەڵگەکە واژۆ بکەن.

4- لێکی بدەنەوە بزانن ئایا واباشترە کە لەگەڵ کەسێکی تر بچنە دەرەوە یان بە تەنیایی.

**ئەو کاتانەی کە لە دەرەوە بوون:**

1. وریا و ئاگاداربن –ئەوکاتانەی شوێنی نیشتەجێ بوونەکەتان بەجێ دەهێڵن و دەچنە دەرەوە، دڵنیابن کە ئاگاتان لە شوێن و دەوروبەرەکەتان هەیە. ئەگەر لە هەر کاتێکدا هەستتان کرد سەلامەتی و ئەمنیەتتان لە مەترسیدایە، پەیوەندی بە پۆلیسەوە بکەن بە ژمارەی ٩٩٩.

2. هەوڵ بدەن لە شوێنە ڕووناک کراوەکان و شوێنە گشتیەکان هاتو چوو بکەن.

3. هەوڵ بدەن  لە ڕێگای جیاوازە بچن بۆ ئەو شوێنانەی کە بە بەردەوامی سەردانیان دەکەن.

4- ئەگەر کەسێک لێتان نزیک بوەوە کە پێتان وایە بەشدارە لە چالاکییەکانی توندڕەوە ڕاستەکاندا – کارتان پێیان نەبێت. بە زووترین کات بڕۆن  بۆ شوێنێکی گشتی سەلامەت، دەتوانن داوای یارمەتی لە خەڵک بکەن لە باڵەخانە گشتیەکان وەک کتێبخانە یان بنکەی پۆلیس یان دوکانەکان. پەیوەندی بە پۆلیسەوە بکەن یان داوای یارمەتی لە کەسێک بکەن کە زەنگ بۆ پۆلیس لێ بدات.

5- ئەگەر کەسێک بە کامێراوە لێتان نزیک بووەوە یان ویستی بە مۆبایلەکەی ڤیدیۆیەک تۆمار بکات – دوور بکەونەوە و کارتان پێیان نەبێت. بە زووترین کات بچن بۆ شوێنێکی گشتی سەلامەت و پەیوەندی بە پۆلیسەوە بکە بە ژمارەی ٩٩٩.

**<u>ئەگەر توندڕەوێکی ڕاست هێرشی کردە سەر ماڵەکەمان چی بکەین؟</u>**

ئەگەر لە هۆتێلێکدا یان لە کەمپ دەژین:

1. **پابەند بن بە ڕێنماییەکانی ستافی شوێنەکە**. ئەوان لەگەڵ پۆلیس و پەنابەران لە پەیوەندی  دان و لە گەڵ ئەوان ئیش دەکەن بۆ ئەوەی سەلامەتیتان بپارێزن. لەوانەیە ئەمە بریتی بێت لە گواستنەوەتان بۆ شوێنێکی تر لە ماوەیەکی کورتدا.

2. دڵنیابن کە ستافی دابینکەری شوێنی نیشتەجێبوون دەزانن لە کوێن بە تاو توێ کردن لە کاتی وەرگرتنتان. تێبکۆشن مۆبایلەکەتان هەڵ کرابێت و نەکوژرابێتەوە.

ئەگەر لە خانوێکدا لە نێو جەماوەر دەژین:

1. دەستبەجێ پەیوەندی بە پۆلیسەوە بکەن بە ژمارەی 999 و پێیان بڵێن کە ماڵەکەتان لە ژێر هێرش دایە. هەر قسە و باسێکی ڕەگەزپەرستانە کە دیتان یان بیستتان ڕاپۆرتی بکەن و بۆیانی بگێڕنەوە.

2- ئەگەر توانیتان پەیوەندی بە بەرپرسی نیشتەجێ کردنەکانتانەوە بکەن و پێی بڵێن چی ڕوودەدات.

3. سەلامەتترین شوێن لە ماڵەکەتاندا بدۆزنەوە بۆ ئەوەی لە کاتی پێویست کەڵکی لێ وەرگرن. هەوڵبدەن  ژوورێک نەبێت کە پەنجەرەی هەبێت یان ژوورێک بێت کە دوور بێت لە پەنجەرەکانەوە بۆ ئەوەی لە چوونە ژوورەوە یان شکاندن پارێزراو بێت. بە شێوەیەکی ئایدیاڵ ئەم شوێنانە ئەبێ لە ناوەوە قوفڵ بکرێن و ڕێگەی ڕوون و تایبەت و بێ بەربەستیان هەبێت بۆ دەربازبوون لە ئاگر.

**ئەگەر لە شوێنی نیشتەجێ بوونمان دوور بین و زانیاریمان پێگەیشتبێت کە چالاکیی توندرەوی ڕاست لە هۆتێلەکەمان یان لە ماڵەکەماندا هەیە، پێویستە چی بکەین؟**

1- مەگەڕێنەوە بۆ هۆتێل یان ماڵەکەتان تا پێتان بڵێن سەلامەتە بۆ گەڕانەوە.

2. شوێنێکی گشتی سەلامەت بدۆزنەوە وە لەوێ چاوەڕوان بن یان لە لای هاوڕێکانتان بمێننەوە و چاوەڕوانی زانیاری زیاتر بن لە لایەن دابینکەری شوێنی نیشتەجێ بوونەکەتانەوە.

3. ئەگەر کورتە نامە یان پەیوەندییەک لە هۆتێلەکەتانەوە یان دابینکەری شوێنی نیشتەجێ بوونەکەتانەوە پێگەیشت کە ئاگادارتان دەکاتەوە لە ڕووداوێک لەو شوێنە، پێیان بڵێن کە لە دەرەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونەکەتانن. دڵنیابن ژمارەی تەلەفۆنیان بۆ پەیوەندیتان هەیە.

4- دابینکەری شوێنی نیشتەجێ بوونتان یان هۆتێل یان کەمپەکەتان لە زانیارەکانی پێویست و هەل و مەرجەکانی داهاتوو ئاگادارتان دەکەنەوە و پێتان ئەڵێن کەی بارودۆخەکە ئاساییە و ئەتوانن بگەڕێنەوە.